# تەزکیەی حزبی و گرفتی قەناعەت

ئە. هەلکەوت

برادەرێکم لەم رۆژانەدا هاتە لام ، فەرمانبەرە و ئەیویست خۆی نقلْ بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە شێوەیەکی یاسایی کەمافێکی خۆیەتی ، وە رۆژانە شتی عەجاییات لەبارەی تەرفیع و نقلْ و گەورەکردن و زیاد کردن بەرزکردنەوەی مەقام و عالی کردن ئەبیستین لە دەزگاو فەرمانگەکانی هەردوو دەوڵەتی هەرێم ماندا لە هەردوو پارچەکە ..

ئەو هاورێیەم وتی ، بۆ ئەوەی مامەڵەی نقلْ بکەیت ئەبێت سەرەتا بچیتە دەزگاکانی ئاسایش ، وە لە ئاسایشەوە پێیان وتوم کە ئەبێت تەزکیەی حزبی بهێنیت منیش چوزارنم ، چووم تەزکیەی ئەو حزبەم برد کە خۆم قەناعەتم پێی هەیە ، کە هەموو کەس لە بیر و بۆچون و قەناعەتیدا ئازادە ، بەڵام لە ئاسایشەوە کتابی نقلەکەمیان بە خەتی سوری نەخێرەوە رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ کرد ، لەوێیشەوە بە خەتێگی گەورەتری سور ، نەخێرێکی گەورەترم بۆ هاتەوە لەلایەن شەخصی وەزیر خۆیەوە ، تەنها لەبەر قەناعەتم ، تەنها لەبەر ئەوەی بیرو بۆچونم هاو شێوەی بیرو بۆچونی حزبی دەسەڵات نیە ....

هەروەها ناسراوێکمان لە یەکێك لە زانکۆکانی کوردستان چەندین ساڵە خەبات دەکات ، لە خۆشی و ناخۆشی ، بون و نەبون ، لە گەرما و سەرما ، لەسەرجەم نارەحەتی و شەری ناوخۆ و برا کوژی و نەهامەتیەکاندا کە بەسەر ئەم گەلە کلۆڵەمان دا هاتووە ، ئەو و هاوشانانی ئەو ، هەر بەردەوام بوون لە کاری شەرەفمەندانەی پێگەیاندنی قوتابیا نماندا و ، سەرپەرشتی چەندەها جیلی قوتابیانی دەرچووی ماستەر و دکتۆرای کردووە ، هاورێیان سەیر لەوەدایە ئەمیش دەردە قەناعەت لێی داوە ، لەبەر ئەوەی بیر و بۆچونی لەگەڵ بیرو بۆچونی حزبی دەسەڵاتدا نیە ، ئێستە قوتابی قوتابیەکەی کە دەرچووی دوێنێیە سەرۆکی بەشە و ئەمیش مامۆستایە لەو

بەشەدا ؟!! بەڵێ ماموستا ، نەك لەبەر ئەوەی لیٚهاتوو بە توانا نیە ، بەڵكو لەبەر ئەوەی دەردە قەناعەتی هەیە .. چەندەها نمونەی تری وەکو ئەمە بە زیندویی و گەرما و گەرم ئەبیستین و بەر گوێمان ئەكەوێت رۆژانە ..

ئەریٚ براینە ، رۆژانە سەدەها جار باسی ئازادی و شەرحی ئازادی و مارش و گۆرانی پڕ بە دەمی گۆرانی بێژان لەسەر ئازادی و شیعر و پەخشان و سەدەها کۆر و سیمینار لەسەر ئازادی و حکومەتی ئازادی ئەبیستین ، بەڵام بەراستی تا ئێستە تێنەگەیشتووم ئازادی یەعنی چی ؟! ئایا تۆ بڵێی ئازادی دوو واتای هەبێت ؟! بەنوسین و گوتن واتایەك و بە کرداریش واتایەکی تر ، ئایا ئێمە هەڵە لە ئازادی تێگەیشتووین یان بە راستی هەر ئازادی ئەوە ماناکەیەتی کە رۆژانە ئەیبینین بە کردار ؟؟!! هەروەها رۆژی سەدان جار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە وتەی دیموکراتی و کوردستانی دیموکرات ئەدەنەوە بە گوێماندا ، ئەریٚ بەراستی لە مانای دیموکراتیەتیش بە هەڵە گەیشتوین ؟!! یان ئازادی و دیموکراتیەت تەنها بۆ پیاوانی دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتە ، وە یاخود تەنها بۆ گوتەی جوان و خۆ هەڵکێشانە ، وە مەردومی نەگبەتی خاوەن قەناعتیش ، با بۆخۆی زورنا لێبدات ؟!!

براینە ، پێشتر و لە کاتی شەری برا کوژی بەینی ئەو دوو حزبە دیموکراتەدا گەر داوای تەزکیە بکرایە ، ئەوە زۆر جیٚی سەر سورمان نەبوو ، بەڵام ئەمرۆ کە کوردستان بەرەو یەکپارچەیی ئەچێت و یەك سەرۆکی ئەبێت و کورد بەیەك لیست لەبەغداد بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و پەرلەمانی کوردستان زۆربەی لایەن و حزبەکانی تێدایەو هاوهەنگاون .. بەراستی نازانم ئێستە تەزکیە مانای چی ، وابزانم ، تەنها لەم کاتەدا تەنها یەك ووشە هەیە کە پڕ بە پێستیەتی ئەویش ( دیکتاتۆریەتە ) ، بەڵێ دیکتاتۆریەت ..